# زاناترین
# ئافرەتی دونیا

نووسینی :
مامۆستا : محمد عبد الرحمن لطیف

چاپی چوارەم ١٤٣٠ کۆچی

==================================

لە بڵاوکراوەکانی
ماڵپەڕی بەهەشت
www.ba8.org
islam_kurd_ba8@yahoo.com
07701517378
عێراق - کوردستان - کەلار
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ
کتێبی ژمارە (٢٠)

بسم الله الرحمن الرحيم

*** ڕێـــخـۆشکار** :

إنَّ الـــحمد لله ، نحمدهُ ، ونستعينهُ ، ونستغفرهُ ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، مَنْ يهدهِ اللهُ فلا مُضِلَّ له ، ومن يُضْلِلْ فلا هاديَ له .

وأشهد أنْ لا إله إلاَّ الله وحدهُ لا شريكَ له ، وأشهدُ أنَّ مُحمَّداً عبدهُ ورسولـــهُ .

أمَّا بعدُ :

فإنَّ خـــيرَ الـــحديث كتابُ الله ، وخيرَ الـــهدي هَديُ مُحَمَّـــدٍ (ﷺ) ، وشَرَّ الأُمـــورِ مُحدَثاتـــها ، وكُلَّ محدثـــةٍ بدعـــة ، وكل بدعـــة ضَلالـــة ، وكل ضَلالـــةٍ في الـــنَّـــار .

**خـوێـنـەری بەڕێـز :**

ئـەم نامیلکەیەی بەر دەسـتت بابەتێکـە لە بابەتە زۆر گرنگ و بە سـوودە بڵاوکـراوەکـانی گۆڤـاری (**ڕێـگـای ڕاسـت**) کە لە ژمارە (٤) دا بـڵاوکـراوەتەوە ، بە پێویستمان زانی وەك نامیلکەیەکی سەر بەخۆ بیخەینە بەر دەستی خوێـنەرانی بەڕێـز ، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن سوودی لێبـبینن لە سەر شێـوازی نامیلـکەیەك کە هەڵـگرتنی سوك بێت بۆ ئێوەی ڕێـزدار و سەنگین .

**نووسەر**
**٢٢ / ربيـع الـثانـي / ١٤٢٤ ك**
**کەلار / گەرمیان**

# پێشەکی

لە زنجیرەی یەکەمدا (**ئافرەتان و فێربوونی زانستی شەرعی**) باسی ئەوەمان کرد کە چەندێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) گرنگی دابوو بە فێرکردنی ئافرەتان لە (زانستی شەرعی)دا ، وە ئەوەیشمان باس کرد کە ئافرەتانی صەحابە چەند ڕێگەیەکی شەرعیان گرتبووە بەر بۆ ئەم مەبەستە زۆر گرنگ و پیرۆزە ، بۆیە چەندین ئافرەت لەناو صەحابەدا هەڵکەوتبوون و جێگا و شوێنی خۆیان دیاری کردبوو لە بواری فێربوون و فێرکردن و گەیاندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بە تایبەت خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کە ماڵی هەر یەکێکیان خۆی لە خۆیدا قوتابخانەیەك بوو بۆ فێربوون و فێرکردن و گەیاندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی سوننەتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە ناو خەڵکدا بەگشتی و لە ناو ئافرەتانیشدا بە تایبەتی ، جا ئەو کەسەی پرسیاری شەرعی هەبوایە وەڵامی پرسیارەکەی لە لای خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەست دەکەوت ، وە ئەگەر فتوای بویستایە ڕوی لە ئەوان دەکرد ، وە ئەگەر گومانیشیان بۆ دروست ببوایە لە هەر بوارێکدا بۆ دڵنیا بوون دەگەڕانەوە لای ئەوان .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ﴾ [الأحزاب : ٣٤] .

واتە : ئەی خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بە بیری خۆتانی بخەنەوە ئەوەی لە ماڵەکانتانا دەخوێندرێتەوە لە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) .

خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) پلەوپایە و ڕێزێکی زۆر زۆریان هەبوو لە دڵی هاوەڵان و شوێنکەوتواندا ، بۆیە مردن و نەمانی هەر یەکێك لە دایکی ئیماندارانیان بە کەلینێکی زۆر گەورەو کارەساتێکی زۆر دڵتەزێن دەزانی[1] .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموو ئافرەتان زاناتر و شارەزاتر بوون لە قورئان و سوننەتدا بەڵکو لە زۆرێك لە پیاوانی صەحابەیش زاناتربوون ، وەك لەو فەرموودانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هاوەڵان بۆ وەڵامی پرسیارێك یان فەتوایەك یان دڵنیابوون لە حوکمی کردەوەیەك دەگەڕانەوە لای ئەوان .

## بەڵام زاناترین ئافرەتی دونیا کێ یە ؟

زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە زاناترین ئافرەتی دونیا عائیشەی دایکی ئیماندارانە (خوا لێی ڕازی بێت).

قال الحافظ : (والحكمة فـــي كثرة أزواجه (ﷺ) أنَّ الأحكام التي ليست ظاهرة يطلعن عليها فينقلنها ، وقد جاء عن عائشة من ذلك الكثير الطيب ، ومن ثم فضلها بعضهم على الباقيات)[2].

واتە: حیکمەت لە زۆری خێزانەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) ئەوە بووە کەوا ئەو حوکمە شەرعیانەی ئاشکرا و بەرچاو نەبوون ئەوان دەیانبینی و چاویان لێدەبوو ئەنجا دەیانگواستەوە بۆ کەسانی تر ، وە لە (عائشة)وە زۆرێکی باش لەو حوکمانە گێڕدراوەتەوە ، بۆیە لێرەوە هەندێك لە زانایان عائیشەیان بە چاکتر زانیوە لەوانی تر .

---

[1] عن عكرمة قال : قيل لابن عباس بعد صلاة الصبح : ((ماتت فلانة لبعض أزواج النبي (ﷺ) فسجد ، فقيل له : أتسجد هذه الساعة ؟ فقال : أليس قد قال رسول الله (ﷺ) : ((إذا رأيتم آية فاسجدوا)) ؟، فأي آية أعظم من ذهاب أزواج النبي ﷺ ؟ )) [صحيح سنن الترمذي رقم : (٣٨٩١) وصحيح سنن أبـــي داود رقم : (١١٩٧) ].

واتە : دوای نوێژی بەیانی وترا بە (ابن عباس) : فلانە کەسی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) — کە (صفية) بوو — مردووە ، ئەویش سوجدەی برد ، پێی وترا لەم کاتەدا سوجدە دەبەیت ؟ ئەویش ووتی : باشە ئایا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەیفەرمووە : ئەگەر نیشانەیەکتان بینی ئەوا سوجدە ببەن ؟ ، جا چ نیشانەیەك گەورەترە لە نەمان و ڕۆیشتنی خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ). بڕوانە : ((تـــحفة الأحـــوذي شـــرح ســـنن الترمذي)) : (١٠ / ٣٥٩ ــ ٣٦٠) .

[2] فتح الباري شرح صحيح البخاري : (١ / ٤٩٢) .

*** گەورەیی و پلە بەرزی و چاکێتی عائیشە:**

**پێش ئەوەی ئەم ڕاستییە بسەلمێنین و ڕوونی بکەینەوە بۆ خوێنەرانی بەڕێز پێم خۆشە ئاماژە بۆ هەندێك لەو فەرموودانە بکەم کە بەڵگەن لەسەر زۆر چاکێتی و گەورەیی و پلەوپایە بەرزی عائیشەی دایکی ئیمانداران (خوا لێی ڕازی بێت) .**

**١ ـــ عائیشە خۆشەویسترین مرۆڤ بوو لە دڵی پێغەمبەردا (ﷺ) :**

عن عمرو بن العاص (رضي الله عنه) قال : ((قلت : يا رسول الله أيُ الناس أحبُ إليك ؟ قال : عائشة ، قلت : من الرجال ؟ قال : أبوها ...)) الحديث[٣].

**واتە : ئەی پێغەمبەری خوا خۆشەویسترین کەس کێیە لەلای تۆ ؟ فەرموی : عائیشە ، ووتم لە پیاوان ؟ فەرمووی : باوکی واتە ئەبو بەکر (رضي الله عنه) .**

**٢ ـــ عائیشە لە بەهەشتیشدا خێزانی پێغەمبەرە (ﷺ) :**

عن عائشة (رضي الله عنها) أن جبريل جاء بصورتـــها في خرقة حرير خضراء إلى النبي (ﷺ) فقال : ((إنَّ هذه زوجتك في الدنيا والآخرة))[٤].

**واتە: جبریل وێنەی عائیشەی هێنا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) لە ناو پارچە پەڕۆیەکی حەریری سەوزدا و ووتی بە پێغەمبەر (ﷺ) : ئەم ئافرەتە خێزانی تۆیە لە دونیا و دواڕۆژدا واتە لە بەهەشتدا .**

وعنها أنَّ رسول الله (ﷺ) قال لـــها: ((أنتِ زوجتـــي في الدنيا والآخرة))[٥].

**واتە : پێغەمبەر (ﷺ) بە عائیشەی ووت : ئەی عائیشە تۆ خێزانی منـی لە دونیا و دواڕۆژدا واتە لە بەهەشتدا .**

**٣ ـ چاکێتی عائیشە بەسەر هەموو ئافرەتانەوە وەك چاکێتی** (تریتی مەرەگەی گۆشت) **وایە بەسەر هەموو خواردنەکانەوە :**

قال رسول الله (ﷺ) : ((فضلُ عائشة على النساء كفضل الثريد على سائر الطعام))[٦].

**٤ ـ جبريل** (عليه السلام) **بە تایبەتی سەلامی لە عائشە کردووە :**

عن عائشة (رضي الله عنها) قالت : قال لـــي رسول الله (ﷺ) : ((إنَّ جبريل يقرأ عليكِ السلام)) قالت : قلتُ : وعليه السلام ورحمة الله وبركاته))[٧].

**واتە : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ئەی عائیشە جبریل سەلامت لێ دەکات ، منیش ووتم : سەلام و ڕەحمەت و بەرەکاتی خوای لەسەر بێت .**

**٥ ـ پێغەمبەر (ﷺ) دوعای لێخۆش بوونـی هەموو تاوانەکانی بۆ عائیشە کردووە :**

عن عائشة (رضي الله عنها) أنها قالت : ((... قلتُ يا رسول الله : ادعُ الله لي فقال : اللهم اغفر لعائشة ما تقدم من ذنبها وما تأخر ، وما أسرَّتْ وما أعلنتْ ، فضحكت عائشة حتى سقط رأسها في حجرها من الضحك))[٨].

---

[٣] صحيح البخاري رقم: (٤٣٥٨) وصحيح مسلم رقم: (٢٣٨٤) .

[٤] صحيح سنن الترمذي رقم : (٣٨٨٠) .

[٥] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٢٥٥) .

[٦] صحيح البخاري رقم : (٣٧٦٩) وصحيح مسلم رقم : (٢٤٤٦) وصحيح سنن الترمذي رقم : (٣٨٨٧) .

[٧] صحيح البخاري رقم : (٣٧٦٨) وصحيح مسلم رقم : (٢٤٤٧) وصحيح سنن الترمذي رقم : (٣٨٨٢) .

**واتە : ووتم ئەی پێغەمبەر خوا (ﷺ) دوعام بۆ بکە و بۆم بپاڕێرەوە لای خوا ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : خوایە لە تاوانەکانی عائیشە خۆش ببە ئەوانەی پێشتر و دواتر کردوویەتی ، وە ئەوانەی بە نهێنی و ئەوانەش کە بە ئاشکرا کردوویەتی ، جا عائیشە لە خۆشیدا پێکەنی هەتا سەری کەوتە نێوان دامێنیوە لە پێکەنیندا .**

**٦ – هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر بیانویستایە دیاریەك ببەن بۆ پێغەمبەر (ﷺ) چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیان دەکرد کە پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی عائیشە بوایە ئەنجا بۆیان دەهێنا :**

عن عائشة (رضي الله عنها) قالت : ((كان الناس يتحرون بـــهداياهم يوم عائشة ...))[٩].

**واتە : خەڵك بە دوای ڕۆژەکەی عائیشەدا دەگەڕان بۆ ئەوەی دیاریەکانیان لەو ڕۆژەدا بهێنن بۆ پێغەمبەر (ﷺ) .**

**ئەمەیش تەنها لەبەر گەورەیی و پلە بەرزی عائیشە بوو لە دڵی پێغەمبەردا (ﷺ) .**

### * *فراوانێتی زانستی عائیشە :*

**ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعـە یەك دەنگن لە سەر ئەوەی کە عائیشەی دایکی ئیمانداران زاناترین ئافرەتە لە دونیا** [١٠].

**یەکێك لە زانا پایەبەرز و گەورەکانی (تابعی) کە ئیمامی** (الزهري)**ـە دەفەرموێت :** ((لو جُمِعَ علمُ الناس كلهم ، وأمهات المؤمنين ، لكانت عائشة أوسعهم علماً))[١١].

**واتە : ئەگەر زانستی هەموو خەڵکی کۆبکەیتەوە لە گەڵ زانستی هەموو خێزانەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) ، پاشان بەراوردی بکەیت لە گەڵ زانستی عائیشەدا ، ئەوا زانستی عائیشە لە زانستی هەموویان فراوانترە .**

**وە** (عطاء) **کە یەکێکە لە قوتابیەیە بە ناوبانگەکانی (عبدالله)ی کوڕی (عباس) دەفەرموێت :** ((كانت عائشة أفقه الناس وأعلمهم))[١٢].

**واتە : عائیشە زاناترین و تێگەیشتوترینی هەموو خەڵك بوو .**

**وە** (أبو موسى الأشعري) **کە یەکێکە لە زانایانی صەحابە دەفەرموێت :** ((ما أشكل علينا أصحاب رسول الله (ﷺ) حديث قط ، فسألنا عائشة ، إلاَّ وجدنا عندها منه علماً))[١٣].

**واتە : ئێمەی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر فەرموودەیەك لەلامان ڕوون نەبوایە ، وە پرسیارمان لە عائیشە بکردایە ، ئیلا لەلای عائیشە زانستێکمان دەست دەکەوت سەبارەت بەو فەرموودەیە .**

**وە (عروەی کوڕی الزبیر) کە خوشکەزای عائیشەیە دەفەرموێت :** ((لقد صحبتُ عائشة فما رأيت أحداً قط كان أعلم بآية نزلت ، ولا بفريضة ، ولا بسنة ، ولا بشعرٍ ولا أروى له ، ولا بيومٍ من أيام العرب ، ولا بنسبٍ ولا بكذا ولا كذاً ، ولا بقضاءٍ ، ولا طِّـــبٍّ منها ً ...))[١٤].

---

[٨] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٢٥٤) .

[٩] صحيح سنن الترمذي رقم : (٣٨٧٩).

[١٠] انظر : ((سير أعلام النبلاء)) للذهبي (٢ / ١٣٥).

[١١] سير أعلام النبلاء : (٢ / ١٩٩).

[١٢] سير أعلام النبلاء : (٢ / ٢٠٠).

[١٣] صحيح سنن الترمذي رقم : (٣٨٨٣) ، وانظر : ((تـــحفة الأحوذي)) : (١٠ / ٣٥٤).

[١٤] سير أعلام النبلاء : (٢ / ١٨٣) ، و أنظر : (٢/ ١٩٧).

واتە : بەڕاستی من هاوەڵێتی عائیشەم کردووە ، وە قەت نەمبینیوە هیچ کەسێك لە عائیشە زاناتربێت سەبارەت بە : دابەزینی ئایەتێك ، فەرزێك ، سوننەتێك ، شیعرێك لەگەڵ گێڕانەوەیدا ، وە یان سەبارەت بە مێژوی عەرەب و ڕەگەزی باوباپیران و یەکلاکردنەوەی کێشەکان و زانستی پزیشکیدا .

**** ئەو زانستانەی کە عائیشە هەڵکەتوبوو تیایاندا:***

عائیشەی دایکی ئیمانداران (رضي الله عنها) لەماڵێکی ئاین پەروەر و دینداردا چاوی هەڵهێنا و لە دایك بوو ، وەك خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت :

((لـــم أعقل أبويَّ إلاَّ وهُما يدينان الدين))[١٥].

واتە : باوك ودایکم هەست پێ نەکردووە ئیللا ئەوان دیندار بوون .

ئەنجا بوو بە خێزانێك لە خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کە ماڵی هەر یەکێکیان قوتابخانەیەك بوو بۆ فێربوون و فێرکردنی قورئان و سوننەت وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ ﴾ [الأحزاب : ٣٤] .

ئەمەیش وایکرد عائیشە ببێت بە زاناترین ئافرەتی دونیا و لە هەموو بوارەکاندا شارەزا و زاناتر بێت لە هەموو ئافرەتانی دونیا [١٦].

## ١ - شارەزایی عائیشە سەبارەت بە قورئان:

عائیشەی دایکی ئیمانداران (رضي الله عنها) هەر لە منداڵییەوە لە مەککەدا کاتێك گوێ بیستی ئایەتەکانی قورئان دەبوو لەبەری دەکرد و شوێن و کاتی دابەزینی ئایەتەکەیشی جوان ڕەوان و لەبەر دەکرد .

عن عائشة (رضي الله عنها) قالت : ((لقد نزل بـــمكة على محمد (ﷺ) ـــ وأنـــي لـــجارية ألعب ـــ : ﴿بَلِ السَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ﴾ [١٧] ، وما نزلت البقرة والنساء إلاَّ وأنا عنده))[١٨] .

واتە : لە مەککەدا ئەم ئایەتە :

﴿ بَلِ السَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ﴾ دابەزیە سەر پێغەمبەر (ﷺ) ـ لە کاتێکدا کە من کیژۆلەیەك بووم یاریم دەکرد ـ بەڵام هەردوو سورەتی (البقرة والنساء) دانەبەزی ئیللا من لە لای بووم .

ئەنجا پاش پێگەیشتنی گواسترایەوە بۆ ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) ، بۆیە ئامادەی دابەزینی زۆرێك لە قورئان بوو ، چونکە تەنها لە ژێر جێگەی خەوتنی ئەودا نەبێت (وەحی) دانەبەزیوە بەسەر پێغەمبەردا (ﷺ)[١٩] جگە لە هەموو خێزانەکانی تری پێغەمبەر (ﷺ).

بۆیە دەبینین عائیشە (رضي الله عنها) لە فەرموودەیەکدا باسی سەرەتای دابەزینی (وەحی)مان بۆ دەکات کە یەکەم جار (وەحی) لە شێوازی خەوبینیندا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دابەزیە خوارەوە ، ئەنجا لە ئەشکەوتی

---

[١٥] صحيح البخاري رقم : (٣٩٠٥).

[١٦] بڕوانە کتێبی : ((دور المرأة في خدمة الـــحديث في القرون الثلاثة الأولى)) ص : (٤٦-٦٧).

[١٧] سورة القمر : (٤٦).

[١٨] صحيح البخاري رقم : (٤٨٧٦).

[١٩] جارێکیان پێغەمبەر (ﷺ) فـەرمووی : ((يا أم سلمة : لا تؤذينـــي في عائشة ، فإنه ما أنزل عليَّ الوحي ، وأنا في لـــحاف أمرأة منكن غيرهـــا)) صحيح سنن الترمذي رقم : (٣٨٧٩).

(حراء)دا جبریل (علیه السلام) پێنج ئایەتی سەرەتای سورەتی (العلق)ی بۆ هێنایە خوارەوە لە مانگی ڕەمەزاندا :

﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ : اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ [١] خَلَقَ الْأِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ [٢] اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ [٣] الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ [٤] عَلَّمَ الْأِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ [٥] ﴾ [٢٠].

## ٢ - شارەزایی عائیشە سەبارەت بە فەرموودە ( حدیث ):

زانستی عائیشە (رضي الله عنها) بە فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەندە فراوان و زۆرە بۆیە لەلای زانایانی فەرموودەناس (علماء الحدیث) بە یەکێك لە (کبار الـــمُحدثین وحُفاظ السنة) ناسراوە ، وە لە پلەی چوارەمدا دێت لە نێوان ئەو صەحابیانەی کە فەرموودەیەکی زۆریان گێڕاوەتەوە بەم شێوازەی خوارەوە [٢١] :

١ ـــ أبو هُـــريـــرة : (٥٣٧٤) فەرموودەی گێڕاوەتەوە.
٢ ـــ عبدالله بن عمر : (٢٦٣٠) فەرموودەی گێڕاوەتەوە.
٣ ـــ أنس بن مالـــك : (٢٢٨٦) فەرموودەی گێڕاوەتەوە.
٤ ـــ عائـــــشـــة : (٢٢١٠) فەرموودەی گێڕاوەتەوە .

بۆیە فراوانێتی زانستی عائیشە بە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وایکردووە کە زۆرێك لە صەحابە لە کاتی گوماندا یان لە کاتی تێنەگەیشتنیان لە فەرموودەیەك دەگەڕانەوە بۆ لای دایکە عائیشە بۆ تێگەیشتن و دەرکەوتنی واتای زانستی فەرموودەکە .

قال أبو موسى الأشعري (رضي الله عنه) : ((ما أشكل علينا أصحاب رسول الله (ﷺ) حديثٌ قط ، فسألنا عائشة ، إلاَّ وجدنا عندها منه علماً)).

واتە: ئێمەی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر فەرموودەیەك لەلامان ڕوون نەبوایە ، وە پرسیارمان لە عائیشە بکردایە ، ئیللا لەلای عائیشە زانستێکمان دەست دەکەوت سەبارەت بەو فەرموودەیە.

وە (أبو هريرة رضي الله عنه) کە لە هەموو صەحابی‌یەکان زیاتر فەموودەی لەبەر بوو ، عادەتی وا بوو لای ژورەکەی عائیشە دادەنیشت لە کاتی گێڕانەوەی فەرموودەدا بۆ خەڵك بۆ ئەوەی عائیشە بیبیستێت ، ئەنجا دەیفەرموو بە عائیشە: ((يا صاحبة الـــحجرة أتنكرين مـــما أقول شيئاً ؟)) [٢٢].

واتە: ئەی عائیشە هیچ لەو فەرموودانەی من ئینکار دەکەیت ؟ ئەمەیش بەمەبەست تەئکید کردن لەسەر گێڕانەوەی فەرموودەکە بوو وەك خۆی.

وە جارێکیان (عبدالله)ی کوڕی (عمر) فەرموودەیەکی پێگەیشت لە (أبو هريرة)ەوە کە باسی گەورەیی پاداشتی نوێژی‌جەنازە و شوێنکەوتنی جەنازە دەکات کەوا دوو (قیراط) پاداشتی دەست دەکەوێت هەر کەسێك بیکات ، بەڵام (عبدالله) ئەم فەرموودەیەی نەبیستبوو لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆیە بۆ تأکید کردن کەسێکی نارد بۆ لای عائیشە بۆ ئەوەی پرسیاری لـێ بکات سەبارەت بەم فەرموودەیەی (أبو هريرة) ، عائیشەیش فەرمووی : ((صدق أبو هريرة)) [٢٣].

---

[٢٠] صحيح البخاري رقم : (٣).
[٢١] **بڕوانە** : دور الـــمرأة في خدمة الحديث ص : (٥٨-٥٩).
[٢٢] صحيح مسلم رقم : (٢٤٩٣).
[٢٣] صحيح البخاري رقم : (١٣٢٣) و (١٣٢٤) وصحيح مسلم رقم : (٩٤٥).

**وە** (معاوية)**ی كوڕی** (أبو سفيان) (رضي الله عنهما) **چەندەها جار خەڵكی دەنارد يان نامەی دەنارد بۆ عائيشە بە مەبەست پرسياركردن سەبارەت بە هەندێك حوكمی شەرعی يان بۆ فەرموودەكانی پێغەمبەر** (ﷺ)[٢٤].

## ٣- شارەزايی عائيشە سەبارەت بە شەريعەت (فـقــــه):

**عائيشە**(رضي الله عنها) **يەكێكە لە زانا گەورە وپايە بەرزەكانی** (فـــقــــه) **لە نێوان صەحابەدا ، تا ئەو ئاستەی كە وتراوە :**

«إنَّ رُبعَ الأحكام الشرعية مَنقولٌ عنها»[٢٥].

**واتە: چواريەكی ئەحكامە شەرعی‌يەكان لە عائيشەوە گواستراوەتەوە.**

**وە ئيمامی** (عطاء) **كە يەكێكە لە گەورە قوتابی‌يەكانی** (عبدالله بن عباس) **دەفەرموێت:** «كانت عائشة أفقه الناس وأعلمهم».

**واتە : عائيشە زاناترين و تێگەيشتووترينی هەموو خەڵك بوو .**

**وە لە دوای وەفاتی پێغەمبەر** (ﷺ) **لە سەردەمی هەردوو خەليفە** (أبو بكر وعمر)**دا عائيشە ڕاستەوخۆ فتوای دەدا بۆ خەڵك** [٢٦].

**هەروەها دەبينين بۆ چەندين پرسياری شەرعی و فقهی صەحابە ڕوويان لە دايكە عائيشە** (رضي الله عنها) **كردووە ئەگەر چی هەندێك جاريش پرسيارەكە جێگای شەرم كردنيش بێت سەبارەت بە ئافرەتانەوە.**

عن أبـــي سلمة قال : سألتُ عائشة (رضي الله عنها) عن «غُسل رسول الله (ﷺ) من الـــجَنابة ...» الـــحديث[٢٧].

**واتە : پرسيارم كرد لە عائيشە سەبارەت بە خۆ شۆردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە كاتی لەش گرانيدا ...**

وعن أبي سلمة قال : سألت عائشة (رضي الله عنها) «أكان النبي (ﷺ) يَرقُد وهو جُنُب ؟ قالت : نعم ويتوضأ»[٢٨].

**واتە : پرسيارم كرد لە عائيشە ئايا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە لەش گرانيەوە خەوتووە ؟ فەرمووی : بەڵێ ، دەست نوێژی دەگرت و ئەنجا دەخەوت .**

وعن عبد الله بن أبي قيس قال : سألتُ عائشة (رضي الله عنها) «كيف كان يصنع في الـــجنابة أكان يغتسل قبل أنْ ينام أم ينام قبل أنْ يغتسل ؟ قالت : كل ذلك قد كان يفعل ، رُبَّـــما اغتسل فنام ، ورُبَّـــما توضأ فنام ، قلت : الحمد لله الذي جعل في الأمر سعة»[٢٩].

**واتە : پرسيارم كرد لە عائيشە ئايا پێغەمبەری خوا (ﷺ) چی دەكرد لە كاتی لەش گرانيدا ، ئايا خۆی دەشۆرد پێش ئەوەی بخەوێت يان دەخەوت پێش خۆ شۆردن ؟ عائيشە** (رضي الله عنها) **فەرمووی : هەردووكيانی دەكرد ، هەندێك جار خۆی دەشۆرد و ئەنجا دەخەوت وە هەندێك جاريش دەست نوێژی دەگرت ئەنجا دەخەوت ، منيش ووتم : سوپاس بۆ ئەو خوايەی كە لەم كارەدا فراوانی داناوە.**

---

[٢٤] مسند الإمام أحمد رقم : (٢٤٩٧٨) ، وانظر : (( دور الـــمرأة )) ص: (٥٢).

[٢٥] فتح الباري : (١٧/٧).

[٢٦] سير أعلام النبلاء : (١٤٥/٢).

[٢٧] صحيح سنن النسائـــي رقم : (٢٤٤).

[٢٨] صحيح البخاري رقم : (٢٨٦).

[٢٩] صحيح مسلم رقم : (٣٠٧).

وعن سليمان بن يسار قال : سألتُ عائشة (رضي الله عنها) عن المَنِيِّ يُصيبُ الثوبَ ، فقالت : ((كنتُ أغسِلهُ من ثَوبِ رسول الله (ﷺ) فيخرجُ إلى الصلاةِ وأثَرُ الغَسلِ في ثَوبهِ بُقَعُ الماء))[٣٠] .

**واتە : پرسیارم کرد لە عائیشە سەبارەت بە (مەنی) کاتێك کە بەر جلوبەرگ دەکەوێت ، ئەویش فەرمووی : من (مەنیم) دەشۆر لە جلەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) و پاشان دەردەچوو بۆ نوێژ و شوێنەواری شۆردن و ئاوەکە بە جلەکانیەوە دیار بوو .**

قال الحافظ : (فيه جواز سؤال النساء عَمَّا يُستحيى منهُ لمصلحة تعلم الأحكام)[٣١] .

**واتە : درووستە پرسیار لە ئافرەتان بکرێت سەبارەت بەو شتانەی کە شەرمی لێ دەکرێت لە بەر بەرژەوەندی فێربوونی ئەحکامە شەرعیەکان .**

## ٤- شارەزایی عائیشە سەبارەت بە زانستی پزیشکی و شیعر و مێژوی عەرەب و ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی :

**لە پێشەوە باسمان کرد کە چۆن** (عروة بن الزبير) **— کە خوشکەزای عائیشەیە — باسی فراوانێتی زانستی عائیشەی بۆمان کرد لە هەموو ئەم بوارانەدا کە لە هەموو خەڵك زاناتر و شارەزاتر بووە** [٣٢] .

**** عائیشە و ڕاست کردنەوەی هەندێک هەڵەی هاوەڵانی تر ( إستداراكات عائشة على أخطاء الصحابة ) :***

**بەڵگەیەکی تر لە سەر فراوانێتی زانستی عائیشەی دایکی ئیمانداران** (رضي الله عنها) **ئەو فەرموودانەیە کە عائیشە تێیاندا هەڵەی هەندێك لە صەحابە و هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕاست دەکاتەوە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە عائیشە چەند زانا و وورد بین و بیر تیژ بووە لە ناو هاوەڵاندا .**

عن إبراهيم بن محمد بن المنتشر عن أبيه قال : ((سألتُ عائشة فذكرتُ لها قول ابن عمر ما أحب أنْ أصبح مُحرِماً أنضخ طيباً ، فقالت عائشة : أنا طَيَّبْتُ رسولَ الله (ﷺ) ثُمَّ طاف في نسائه ثُم أصبح مُحرِماً ))[٣٣] .

وفي رواية : ((فقالت : يرحم الله أبا عبد الرحمن كنتُ أُطيِّبُ رسول الله (ﷺ) فيَطوف على نسائهِ ثُمَّ يُصبحُ مُحرماً يَنضَحُ طِيباً))[٣٤] .

**واتە : پرسیارم کرد لە عائیشە و قسەکەی** (ابن عمر)**م بۆ باس کرد کە ووتبووی : پێم خۆش نیە ئیحرام بکەم و بۆنی خۆشم لێبتکێتە خوارەوە ، عائیشەش فەرمووی : ڕەحمەتی خوا لە** (باوكی عبدالرحمن) **بێت من خۆم پێغەمبەری خوام (ﷺ) بۆن خۆش دەکرد و ئەنجا دەچووە لە خێزانەکانی و ئەنجا ئیحرامی دەکرد و بۆنی خۆشی لێدەتکایە خوارەوە .**

قال الحافظ : (قوله : ((يرحم الله أبا عبد الرحمن)) يعني ابن عمر ، استرحمت له عائشة إشعاراً بأنهُ قد سها فيما قالهُ ، إذْ لو استحضر فعل النبي (ﷺ) لم يقل ذلك)[٣٥] .

---

[٣٠] صحيح البخاري رقم : (٢٣٠).

[٣١] الفتح : (١ / ٤٣٥).

[٣٢] **بڕوانە** : ((دور المرأة في خدمة الحديث)) ص: (٥٣-٥٥).

[٣٣] صحيح البخاري رقم : (٢٧٠) وصحيح مسلم رقم : (١١٩٢).

[٣٤] صحيح البخاري رقم : (٢٦٧).

[٣٥] فتح الباري : (١ / ٤٨٩).

**واتە : ووتەی " ڕەحمەتی خوا لە (باوکی عبدالرحمن) بێت " مەبەستی (ابن عمر)ە ، عائیشە داوای ڕەحمەتی بۆ کرد بە مەبەست هەست کردن بەوەی کەوا سەهووی کردووە لەو قسەیەیدا ، چوونکە ئەگەر ئەو کرداری پێغەمبەری (ﷺ) لە بیر بووایە وای نەدەگووت .**

وقال أيضاً : (ومن فوائده : وقوع رد بعض الصحابة على بعض بالدليل ، واطلاع أزواج النبـــي (ﷺ) على مـــا لا يطلعُ عليه غيرهن من أفاضل الصحابة)[٣٦].

**واتــە : لە ســوودەكانــی ئەم فەرمــوودەیە : بوونـی وەڵامدانەوەی هەندێك لە صەحابە بۆ هەندێكی تریان بە بەڵگەوە ، وە ئاگادار بوونی خێزانەكانی پێغەمبەر (ﷺ) لە شتانێك كە كەسانی تر جگە لە ئەوان ئاگای لێنەبووە لە صەحابە چاك و ڕێزدار و گەورەكان .**

وعن أبي الزبير عبيد بن عمير قال : ((بلغ عائشة أن عبد الله بن عَمْرَو يأمرُ النساء إذا اغتسلن أنَّ يَنْقُضْنَ رؤوسهُنَّ ، فقالت : يا عجباً لابن عَمْرو هذا يأمرُ النساء إذا اغتسلن أنْ ينقضن رؤوسهن أفلا يأمرهُنَّ أنْ يَحلقن رؤوسهن ! لقد كنتُ أغتسل أنا ورسول الله (ﷺ) من إناء واحد ولا أزيد على أنْ أفرغ على رأسي ثلاث إفراغات))[٣٧].

**واتە : هەواڵ گەیشتە عائیشە كەوا (عبد الله بن عَمْرو) فەرمان دەكات بە ئافرەتان لە كاتی خۆشوردنی پاك بوونەوە لە خوێنی بێنوێژی پەلكەكانی قژیان هەڵوەشێننەوە ، ئەویش ووتی : چەند جێگای سەرسوڕمانە ئەم (ابن عَمْرَو)ـە كە فەرمان دەكات بە ئافرەتان لە كاتی خۆشوردندا پەلكەكانی قژیان هەڵوەشێنەوە ، باشە بۆ فەرمانیان پێناكات كەوا سەریان بتاشن ! چونكە من و پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێكەوە خۆمان دەشۆرد لە یەك تەشتدا و لەوەش زیاتر كە سێ جار ئاو بكەم بە سەرمدا هیچی ترم نەدەكرد .**

قال الحافظ : (فيه إنكار عائشة عليه الأمر بذلك)[٣٨].

---

[٣٦] الفتح : (١ / ٤٩٥).

[٣٧] صحيح مسلم رقم : (٣٣١).

[٣٨] فتح الباري : (١ / ٥٤٢) ، **فائدة** : قال النووي فـــي شرح هذا الحديث : (وأما أمر عبدالله بن عمرو رضي الله عنهما بنقض النساء رؤسهن إذا اغتسلن فيحمل على أنه أراد إيـــجاب ذلك عليهن ، ويكون ذلك في شعور لا يصل إليها الماء ، أو يكون مذهباً له أنَّه يجب النقض بكل حال ... ولا يكون بلغه حديث أم سلمة وعائشة ، ويحتمل أنه كان يأمرهن على الاستحباب والاحتياط لا للإيجاب ، والله سبحانه وتعالى أعلم) شرح صحيح مسلم : (٣ / ١٣٠) .

**واتە : فەرمانكردنی (عبداللهی كوڕی عەمر) بە هەڵوەشاندنەوەی پەلكەكانی سەری ئافرەت لە كاتی خۆشۆردندا بەوەلێكدەدرێتەوە كە ئەو مەبەستی ئەوەیە ئەمە واجب و پێویستە لە سەریان ، وە ئەمەش بۆ ئەو قژانەیە كەوا ئاوی پێناگات ، یان ئەمە بۆچوونی خۆیەتی كەوا بە لای ئەوەوە هەڵوەشاندەنەوەی پەلكەكان واجبە لە هەموو حاڵەتێكدا ... و فەرموودەكەی (أم سلمة وعائشة)ی پێنەگەیشتووە بۆیە وا فەرمانی كردووە ، وە لەوانەیشە ئەو فەرمانی پێیان كردبێت وەكو بڵێی ئەوە باشترە و خۆپارێزی تێدایە نەك مەبەستی ئەوە بێت كەوا واجب و پێویستە ...**

**وإتـمـامـاً لـلـفـائـدة أقـول :** الراجحُ أنـــهُ لا يجب على الـــمرأة نقض شعرها فـــي الغُسُل من الـــجنابة ، لـــحديث أم سلمة (رضـــي الله عنـــها) قالت : ((قلت : يا رسول الله إنـــي امرأة أشد ضفر رأسي فأنقضه لغسل الـــجنابة ؟ قال : لا إنَّما يكفيك أن تـــحثي على رأسك ثلاث حثيـــات ثم تفيضين عليك الماء فتطهرين)) صحيح مسلم رقم : (٣٣٠) ، ويلزمها نقض شعرها فـــي الغُسُل من الحيض ، لـــحديث عائشة (رضي الله عنها) أنـــها حاضت فـــي حجة الوداع ولـــم تطهر حتى دخلت ليلة عَرفة فقالت : يا رسول الله هذه ليلةُ عَرفة ، وإنـــما كنتُ تـــمتعتُ بعُمرة ، فقـــال لـــــها رسول الله (ﷺ) : (( انقضي رأسكِ ...)) صحيح البخاري رقم : (٣١٦) قال الحافظ : (وظاهر الـــحديث وجوب نقض الـــمرأة شعرها عند غـــسل الـــمحيض) ((الفتح)) : (١ / ٥٤١ ـــ ٥٤٢) بتصرف يسير ، ويؤيده حديث عائشة فـــي صحيح مسلم رقم : (٣٣٢) ، انظر : ((الوجيز فـــي فقه السنة والكتاب العزيز)) ص : (٥١ ـــ ٥٢).

**واتە : ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدایە کەوا عائشە ئینکاری فەرمانی کردنی کردووە بە قژ هەڵوەشاندنەوە بۆ خۆشۆردنی بێنوێژی .**

وعن مجاهد قال : ((دخلتُ أنا وعروة بن الزبير المسجد فإذا عبد الله بن عمر (رضي الله عنهما) جالس إلى حجرة عائشة ، ثم قال له : كم اعتمر رسول الله (ﷺ) ؟ قال : أربعاً إحداهن في رجب ، فكرهنا أن نَرُدَّ عليه ، قال : وسمعنا استنان عائشة أم المؤمنين في الحجرة ، فقال عروة : يا أماه يا أم المؤمنين ألا تسمعين ما يقول أبو عبد الرحمن ؟ قالت : ما يقول ؟ قال : يقول : إنَّ رسول الله (ﷺ) اعتمر أربع عمراتٍ إحداهن في رجب ، قالت : يرحم الله أبا عبد الرحمن ما اعمرة إلاَّ وهو شاهدهُ وما اعتمر في رجب قط)).

وزاد مسلم في روايته : ((قال : وابن عمر يَسمَعُ ، فَما قال : لا ، ولا نَعم ، سكتَ ))[٣٩].

**واتە : (مُجاهد) و (عروة) ڕۆیشتنە ناو مزگەوتەوە و بینیان (عبد الله)ی کوڕی (عمر) دانیشتووە لە پاڵ ژوورەکەی عائیشەدا ، ئەنجا (عروة) ووتی بە (عبد الله) : پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند عومرەی کردووە ؟ ئەویش فەرمووی : چوار عومرەی کردووە ، دانەیەکیشیان لە مانگی ڕەجەبدا بووە ، جا ئێمە پێمان ناخۆش بوو وەڵامی بدەینەوە ، و (مُجاهد) ووتی : لەو کاتەدا گوێمان لێ بوو عائیشە سیواکی دەهێنا بە سەر ددانەکانیدا لە ناو ژوورەکەیدا ، بۆیە (عروة) ووتی : ئەی دایە ئەی دایکی ئیمانداران ئایا گوێت لێیە (باوکی عبدالرحمن) چی دەڵێ ؟ عائیشەش ووتی : چی دەڵێ ؟ ووتی : دەڵێ : پێغەمبەری خوا (ﷺ) : چوار عومرەی کردووە ، دانەیەکیشیان لە مانگی ڕەجەبدا بووە ، عائیشە فەرمووی : ڕەحمەتی خوا لە (باوکی عبد الرحمن) بێت خۆ پێغەمبەر (ﷺ) هیچ عومرەیەکی نەکردووە ئیللا ئەو ئامادەی بووە و لە گەڵیدا بووە ! وە پێغەمبەر (ﷺ) هەرگیز عومرەی لە مانگی ڕەجەبدا نەکردووە .**

**لەو کاتەدا (ابن عمر) گوێی دەگرت و هیچی نەووت ، نە ووتی : نەخێر ، وە نەووتی : بەڵێ ، بێدەنگ بوو .**

قال النووي : (وأما قول ابن عمر ((أنَّ احداهن في رجب)) فقد أنكرته عائشة وسكت ابن عمر حين أنكرته ، قال العلماء : هذا يدل على أنه اشتبه عليه أو نَسِيَ أو شك ، ولهذا سكت عن الإنكار على عائشة ومراجعتها بالكلام)[٤٠].

---

**واتە : بە مەبەستی گەیاندنی سوودێکی تەواو دەڵێم : بۆچوونی ڕاست و دروست لەم بوارەدا ئەوەیە کە واجب و پێویست نیيە لە سەر ئافرەت پەلکەکانی قژی هەڵوەشێنێتەوە بۆ (خۆشۆردنی لەش گرانی/** غُسل الجَنابة**) لە بەر فەرموودەکەی** (أم سلمة) **کە فەرموویەتی : ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا من ئافرەتێکم پەلکەکانی قژم بە توندی دەبەستم ئایا هەڵیوەشێنمەوە بۆ خۆشۆردنی لەش گرانی ؟ فەرمووی : نەخێر ، تەنها ئەوەندە بەسە بۆت کە سێ گوێل (سێ جام) ئاو بکەیت بە سەر سەرتدا و ئەنجا ئاو بکەیت بە سەر هەموو لاشەتدا و پاك دەبیتەوە .**

**بەڵام بۆ (خۆشۆردنی پاك بوونەوە لە عادەی مانگانە /** الغُسُل من الحيض**) ئەوا واجب و پێویستە لە سەر ئافرەت کەوا پەلکەکانی قژی هەڵوەشێنێتەوە لە بەر فەرموودەکەی** (عائشة) **کە لە حەججیماڵئاوایدا کەوتووەتە عادەوە و پاك نەبووەتەوە تاوەکو شەوی عەرەفە و فەرموویەتی : ئەی پێغەمبەری خوا ئەم شەو شەوی عەرەفەیە و منیش حەججی بە ئیسراحەتی لە گەڵ عومرەمدا ئەنجام داوە ؟ [واتە : ئێستا چی بکەم بۆ حەججەکەم ؟] پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموو : پەلکەکانی قژت هەڵوەشێنەوە ...**

(ابن حجر) **فەرموویەتی : ڕوواڵەتی فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کەوا هەڵوەشاندنەوەی پەلکەکانی قژی ئافرەت واجب و پێویستە بۆ (خۆشۆردنی پاك بوونەوە لە عادەی مانگانە) .**

[٣٩] صحيح البخاري رقم : (١٧٧٥ و ١٧٧٦) و (٤٢٥٣ و ٤٢٥٤) ، وصحيح مسلم رقم : (١٢٥٥).

[٤٠] شرح صحيح مسلم للإمام النووي : (٥ / ١١٤).

واتە : ووتەکەی (ابن عمر) کە دەڵێت : (یەك عومرەیان لە مانگی ڕەجەبدا بووە) ئەمە عائشە ئینکاری کردووە و (ابن عمر)یش بێدەنگ بووە لەو کاتەدا ، زانایان دەڵێن : ئەمە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کەوا (ابن عمر) لێی تێك چووە یان لە بیری چووە یان گومانی هەبووە ، بۆیە بێدەنگ بوو و ئینکاری قسەکەی عائیشەدی نەکرد و لە گەڵیا نەکەووتە ووتووێژەوە .

و(قوله : ((وما اعتمر إلاَّ وهو معه)) أشارت عائشة إلى أنــهُ نَــسِــيَ لا أنــه جَــهِــلَ أمر رسول الله ﷺ)[٤١].

واتە : ووتکەی عائیشە کە دەڵێت : (پێغەمبەر (ﷺ) هیچ عومرەیەکی نەکردووە ئیللا ئەو ئامادەی بووە و لە گەڵیدا بووە) عائیشە بەم ووتەیە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کەوا (ابن عمر) لە بیری چووە نەك نەزانە بە حاڵی پێغەمبەر (ﷺ) .

وقال الحافظ : (وفي هذا الحديث : أن الصحابــي الجليل المكثر الشديد الملازمة للنبــي (ﷺ) قد يخفى عليه بعض أحواله ، وقد يدخلــهُ الوهم والنسيان لكونه غــيــر معصوم ، وفيه : رد بعض العلماء على بعض ، وحسن الأدب في الرد ، وحسن التلطف في استكشاف الصواب إذا ظن السامع خطأ الــمُحدِّث ، وقال النووي : سكوت ابن عمر على إنكار عائشة يدل على أنه كان اشتبه عليه أو نسي أو شك ، وقال القرطبي : عدم إنكاره على عائشة يدل على أنه كان على وهم وأنه رجع لقولــهــا)[٤٢].

واتە : ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدایە کەوا : صەحابی گەورە و خاوەنی گێڕانەوەی فەرموودەی زۆر و تووندێتی پەیوەست بوونی بە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هەندێك جار هەندێك لە حاڵ و کارەباری پێغەمبەر (ﷺ)ی لێشاراوە دەبێت ، وە هەندێك جاریش دەکەوێتە ناو هەڵە و لەبیرچوونەوەوە چوونکە پارێزراو نیيە لە هەڵەکردن ، وە ئەوەشی تێدایە کەوا :

- زانایان هەندێکیان وەڵامی هەندێکی تریان دەدەنەوە ، و
- ڕچاوکردنی ڕەوشت جوانێتی و پاراستنی ئەدەب لە وەڵامدانەوەدا ، و
- چاکێتی نەرمونیانی نوواندن لە دەرخستنی ڕاستیدا ئەگەر گوێگر گومانی هەبوو لە هەڵەی قسەکاردا ...

وە (القرطبي) فەرموویەتی : ئینکاری نەکردنی (ابن عمر) لە بەرامبەر عائیشەدا بەڵگەیە لە سەر هەڵەی (ابن عمر) و گەڕانەوەی بۆ سەر قسەکەی عائیشە .

وە لەم بوارەشدا (واتە : **عائیشە و ڕاست کردنەوەی هەندێک هەڵەی هاوەڵانی تر**) ئیمامی (الزركشــي) کتێبێکی زۆر بە نرخی نووسیوە بە ناونیشانی :

((الإجــابــة لــما استدركــتهُ عائشة على الصحابة))[٤٣].

## * *هاوکاری زانستی لە نێوان عائیشە و هاوەڵانی تردا (التعاون والتواضع العلمي عند عائشة):*

هاوکاری زانستی نێوان زانایان و فێرخوازانی زانستی شەرعی سەبارەت بە فێربوون و فێرکردنی زانست و فەتوادان لە بوارە جیاجیاکانی شەریعەتی ئیسلامی پیرۆزدا ، هەروەها گێڕانەوەی فەتوادان بۆ کەسی زاناتر : دیاردەیەکی ئاشکرا بووە لە سەردەمی صەحابە بەڕێزەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) ، وە ئەم دیاردەیە زۆر بە ڕوونی بە دی دەکرێت لە فەرهەنگی زانستی عائیشەی دایکی ئیماندارانا (ڕەزای خوای لێبێت) وەك لەم دوو نموونەیەی خوارەوە زۆر بە جوانی بۆمان دەردەکەوێت :

[٤١] شرح سنن ابن ماجه : (١ / ٢١٥).
[٤٢] فتح الباري شرح صحيح البخاري : (٣ / ٧٦٠).
[٤٣] ((الــمنهج الإسلامــي فــي الــجرح والتعديل)) ص : (٦٤).

١ ــ عن شريح بن هانئ قال : ((أتيتُ عائشة أسألـــها عن المسح على الخفين ، فقالت : عليكَ بابن أبِي طالب فسَـــلْـــهُ فإنهُ كان يسافر مع رسول الله (ﷺ) ، فسألناهُ ، فقال : جعل رسول الله (ﷺ) ثلاثة أيام ولياليهن للمسافر ، ويوماً وليلةً للمقيم)) .

وفـــي رواية أخرى : عن شريح بن هانئ قال : سألت عائشة عن المسح على الخفين فقالت : ((ائـــتِ عَـــلـــيًا فإنه أعلمُ بذلك منـــي ، فأتيتُ علـــيـــاً فذكر عن النبي (ﷺ) ...)) بـــمـــثلـــه [٤٤].

**واتە : هاتم بۆ لای عائیشە پرسیاری لێ بکەم سەبارەت بە (مەسح کردن واتە : دەست هێنان بە سەر خوفدا لە کاتی دەست نوێژدا) ئەویش ووتی : برۆ بۆ لای** (علي بن أبـــي طالب) **و پرسیاری لێ بکە چونکە ئەو سەفەری کردووە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ، [لە ریوایەتی دووەمدا عائیشە ووتی : برۆ بۆ لای عەلی ، چونکە ئەو لە من زانا ترە بەم شتە] ئەنجا ئێمەش پرسیارمان لێ کرد ، ئەویش فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) سێ رۆژ بە شەوەکانی‌یەوە داناوە بۆ موسافیر ، وە رۆژ و شەوێکیش بۆ کەسی نیشتەجێبوو لە جێگای خۆیدا .**

٢ ــ وعن عمران بن حطان أنَّـــهُ : ((سأل عبد الله بـــنَ عباس عن لُـــبـــسِ الـــحرير ، فقال : سَـــلْ عائشة ، فـــسألـــتُ عائشة ، فقالـــتْ : سَـــلْ عبد الله بـــنَ عمر ، قـــال : فسألتُ ابـــنَ عمر ، فقال : أخبرنـــي أبو حفص يعني عمر بن الخطاب أنَّ رسول الله (ﷺ) قال : ((إنَّـــما يلـــبَـــسُ الـــحريرَ في الدنيا مَـــنْ لا خـــلاقَ لـــهُ في الآخرة)) ، فقلت : صدق وما كذب أبو حفص على رسول الله ﷺ ))[٤٥].

**واتە : پرسیارم کرد لە** (عبد الله بـــن عباس) **سەبارەت بە لەبەر کردنی ئاورێشم (حەریر) ، ئەویش ووتی : پرسیار لە عائیشە بکە ، منیش پرسیارم لە عائیشە کرد ، ئەویش ووتی : پرسیار لە** (عبد الله بـــن عمر) **بکە ، منیش پرسیارم کرد** (ابـــن عمر) **، ئەویش ووتی : عومەری کوری خەطاب هەواڵی پێداوم کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : تەنها ئەو کەسە ئاورێشم (حەریر) لەبەر دەکات لە دونیادا کە هیچ بەشێکی نی‌یە لە دوا رۆژدا[٤٦].**

### * سوربوونی عائیشە لەسەر تێگەیشتنی واتای فەرموودەکان (حرصها على فهم الأحاديث):

**هەرچەندە عائیشە (رەزای خوای لێبێت) ئەو هەموو زانستە شەرعی‌یانەی لەلا بوو ، وە یەکێك بوو لە زانا بە ناوبانگەکانی نێوان صەحابە لە بواری فەرموودە ناسی و فقە و فەتوادا ، بەڵام زۆر سووریش بوو لە سەر تێگەیشتنی فەرموودەیەك ئەگەر واتاکەی لەلا روون نەبوایە .**

عن أبن أبي مليكة قال : ((إنَّ عائشة كانت لا تسمع شيئاً ، لا تعرفه إلاَّ راجعت فيه حتى تعرفه))[٤٧].

---

[٤٤] صحيح مسلم رقم : (٢٧٨) .

**تێبینی** : ئـەم فەرموودەیە بە هێز ترین و روون ترین بەرپەرچدانەوە و دەم کوت کردن و برینی زماندرێژی تێدایـە بـۆ ئـەو کۆمەڵـە گومرا سەرلێشێواوەی کە بە درۆ و بوهتانەوە دەڵێن : لە نێوان عائیشە و (عەلی)دا دوژمنایەتی هەبووە ؟!!! خوای گەورە تۆڵەیان لێ بسێنێتەوە.

[٤٥] صحيح البخاري رقم : (٥٨٣٥) .

فائدة لـــطلبة الـــعلم : كان أصل الـــسند الـــمذكور فـــي البخاري هكذا : (عن عمران بن حِطان قال : سألت عائشة عن الـــحرير فقالـــت : ائـــتِ ابن عباس فسَـــلْـــهُ ، قال : فسألتهُ ، فقال : سَـــلْ ابن عمر ...) والتصحيح نقلتهُ من ((فتح الباري)) : (١٠ / ٣٥٧) حيث قـــال الحـــافظ : (كـــذا فـــي هذه الطريق ، وفـــي رواية حرب بن شداد التـــي تُـــذكَـــر عقب هذه بالـــعـــكـــس أنَّـــهُ سأل ابن عباس فقال : سَـــلْ عائـــشة ، فسألـــتـــها فقالتْ : سَـــلْ ابن عمر ...) وانظر : ((تغليق التعليق)) : (٥ / ٦١ ــ ٦٢) ، و ((السنن الكبرى)) للبيهقي رقم : (٩٦٢٣) ، و((صحيح سنن الـــنسائـــي)) للإمام الألبانـــي رقم : (٥٣٠٦).

[٤٦] **بڕوانە** : ((فتح الباري شرح صحيح البخاري)) : (١٠ / ٣٦٨) شرح حديث رقم : (٥٨٤١).

[٤٧] صحيح البخاري رقم : (١٠٣).

**واتە : بەڕاستی عائیشە هەر شتێکی ببیستایەوە لەی تێنەگەیشتایە ئیللا دەگەڕا بە دوایدا هەتا تێدەگەیشت و دەیزانی .**

قال الإمام الحافظ ابن حجر في شرح هذا الحديث : (وفي الحديث : ما كان عند عائشة من الحرص على تفهم معاني الحديث)[٤٨].

**واتە : ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کەوا چەندێك عائیشە سوور بووە لە سەر تێگەیشتنی واتای فەرموودەکان .**

## * *قوتابییەکانی عائیشە:*

**یەکێك لە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەر ئەم ئوممەتەی ئیسلامدا ئەوە بوو کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) عائیشەی لە تەمەنی (٩) نۆ ساڵیدا هێنا و بوو بە خێزانی ، وە کاتێکیش وەفاتی کرد تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵ بوو ، وە دوای هەموو خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کردووە ، وە عائیشە هەموو تەمەنی کە نزیك (٧٠) حەفتا ساڵ بوو لە پێناو گێڕانەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و فتوادانداندا بەسەر برد .**

**بۆیە خەڵکێکی زۆر زۆر سودیان لە زانستی عائیشە بینیوە ، جا ڕوویان لە عائیشە دەکرد وەك قوتابخانەیەك بۆ فێر بوونی زانستە شەرعییەکان ، وە زۆر ئاسان بوو بۆ گەورە و پچوکی پیاوان و ئافرەتانی صەحابە و شوێنکەوتوان** (التابعون) **کەوا چمکێك لە زانستی فراوانی عائیشە بەدەست بخەن .**

**وە ئەوانەی سودیان لە عائیشە بینیوە و فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە ئەمانەن :**

*** لە هاوەڵان** : أبوبكر ، عمر ، عبدالله بن عمر ، أبو هريرة ، أبو موسى الأشعري ، عبدالله بن عباس ... **هتد** .

*** لە شوێنکەوتوان** : مسروق ، الأسود بن يزيد ، سعيد بن المسيب ، الشعبي ــ مجاهد ، عطاء ، عكرمة ، نافع ، علقمة ، ابن أبي مليكة ، عمرة بنت عبدالرحمن ، معاذة بنت عبد الله العدوية ... **هتد** .

*** لە کەس و خزمانی** : عروة بن الزبير ابن أُختها أسماء ، القاسم بن محمد بن أبي بكر ابن أخيها ، عائشة بنت طلحة بنت أُختها أم كلثوم ... هتد [٤٩].

## * *لە قوتابییە هەڵکەوتووەکانی عائیشە:*

### ١) عروة بن الزبير بن العوام ( ت/٩٤هـ ):

**ئەم قوتابییە خوشکەزای عائیشەیە و زۆر پەیوەست بووە بە عائیشەوە و بەردەوام لەگەڵیدا بووە ، بۆیە خۆی بە تەنها (١٠٥٠) فەرموودەی لە عائیشەوە گێڕاوەتەوە لە کۆی هەموو ئەو فەرموودانەی کە دەیگێڕێتەوە کە (١٩٩٩) فەرموودەن ، واتە نزیك نیوەی فەرموودەکانی لە عائیشەوە** (عروة) **دەیگێڕێتەوە** [٥٠].

**ئیمامی** (الزهري) **دەفەرموێت** : «كان عروة بحراً لا ينزف ويكدرهُ الدلاء»[٥١].

**واتە:** (عروة) **دەریایەکە لە زانست سەتڵەکان ناتوانن کۆتایی پێبێنن و نایشتوانن لێڵی بکەن .**

وقال قبيصة بن ذؤيب : (كان عروة يغلبنا بدخوله على عائشة أعلم الناس)[٥٢].

---

[٤٨] فتح الباري : (١/٢٦٠).

[٤٩] **بڕوانە** : دور المرأة في خدمة الحديث ص : (٥٥ – ٥٦).

[٥٠] دور المرأة ص : (٦٤).

[٥١] سير أعلام النبلاء : (٤/ ٤٢٨).

**واتە : (عروة) پێشمان کەوتبوو لە زۆری فەرموودە گێرانەوە و زانستی شەرعیدا بە هۆی ڕۆیشتنە ژوورەوەی بۆ لای عائیشە کە زاناترینی خەڵك بوو .**

وقال صاحب ((طبقات الحفاظ)) في ترجمة (عروة بن الزبير) : (فقيهٌ عالِمٌ كثيرُ الحديث صالحٌ لم يدخل في شيء من الفتن ، ... وهو أحد الفقهاء السبعة ، ... وقال ابن عيينة : إنَّ أعلم الناس بحديث عائشة ثلاثة القاسم بن محمد ، وعروة ، وعمرة بنت عبد الرحمن)[٥٣].

٢) **عمرة بنت عبدالرحمن :**

**ئەم ئافرەتە پایە بەرزە یەکێکە لە گەورە زانایانی تابعین و قوتابیەکی ناودار و زاناترین کەس بووە بە فەرموودەکانی عائیشە (ڕەزای خوایان لێبێت) ، وە یەکێکە لە فەرموودە زان و سەرچاوەکانی فێر بوونی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە تایبەت ئەو فەرموودانەی کە لە عائیشەوە دەیگێڕێتەوە ، وە دەریایەکی بێ پایان بووە لە زانست ، بۆیە دەبینین زانایان زۆر گرنگیان داوە بە کۆکردنەوەی فەرموودەکانی ئەم ئافرەتە زانایە و زۆر ستایشیان کردووە و فێرخوازانی فەرموودەیان هانداوە بۆ ئەوەی بڕۆن فەرموودەی لێوە وەربگرن ، گەورە ترین بەڵگە لە سەر پایە بەرزی ئەم ئافرەتە فەرموودە زانە ووتەی بە نرخی زانایانە کە لە بارەیەوە فەرموویانە :**

قال الإمام الذهبي في ترجمتها : (عمرة بنت عبد الرحمن بن سعد الأنصارية **الفقيهة** تربية عائشة وتلميذتها ، وجدها سعد من قدماء الصحابة ، حدثت عن عائشة وأم سلمة ورافع بن خديج ، حدث عنها ابناه حارثة ومالك وابن أختها القاضي أبو بكر بن حزم وابناه عبد الله ومحمد والزهري ويحيى بن سعيد الأنصاري وآخرون ، **وكانت عالمة فقيهة حجة كثيرة العلم** ، عن ابن شهاب عن القاسم بن محمد أنه قال لي : يا غلام أراك تحرص على طلب العلم أفلا أدلك على وعائه ؟ قلت : بلى ، قال عليك بعمرة فإنَّها كانت في حجر عائشة ، قال : فأتيتها **فوجدتها بَحراً لا ينزف** ، وحديثها كَثير في دواوين الإسلام)[٥٤].

وقال في ((تهذيب التهذيب)) : (كانت في حجر عائشة روت عن عائشة ، قال أحمد بن محمد بن أبي بكر المقدمي : سمعت بن المديني ذكر عمرة بنت عبد الرحمن ففخم أمرها وقال : **عمرة أحد الثقات العلماء بعائشة الأثبات فيها** .

وقال ابن حبان : **كانت من أعلم الناس بحديث عائشة** .

وقال ابن المديني : عن سفيان أثبت حديث عائشة حديث عمرة والقاسم وعروة .

وقال شعبة : عن محمد بن عبد الرحمن قال لي عمر بن عبد العزيز : **ما بقي أحد أعلم بحديث عائشة من عمرة** .

قال شعبة : وكان عبد الرحمن بن القاسم يسألها عن حديث عائشة.

وقال بن سعد : **كانت عالمة** ، وكتب عمر بن عبد العزيز إلى ابن حزم أن يكتب له أحاديث عمرة)[٥٥].

---

[٥٢] تهذيب التهذيب : (٧ / ٦٥).

[٥٣] طبقات الحفاظ : (١ / ٢٩).

[٥٤] سير أعلام النبلاء : (٤/ ٥٠٧ – ٥٠٨ ).

[٥٥] تهذيب التهذيب (١٢ / ٤٦٦) ، وانظر : ((الطبقات الكبرى)) لابن سعد : (٢ / ٣٨٧) ، **پرسیارێك : ئاخۆ تۆ بڵێی لە ناو ئافرەتانی ئەم سەردەمەدا ئافرەتێك هەڵکەوێت بە شێوازێك زانایانی سەردەم دەرحەقی بڵێن ... وەك چۆن زانایانی سەلەف دەرحەقی (عەمرە) ووتویانە ؟!!! .**

٣ ) **معاذة العدوية :**

**ئەم ئافرەتە بەڕێزەش یەکێکە لە گەورە زانایانی تابعین و قوتابیەیە هەڵکەوتووەکانی عائیشە (ڕەزای خوایان لێبێت) ، لە کەڵ ئەمەشدا خواناسێکی بە ناوبانگ بووە و هەندێك هەڵوێستی سەرسوڕهێنەری هەیە ، لەو هەڵوێستانە :**

**کاتێك کە مێردەکەی و کوڕە جگەر گۆشەکەی کوژران ئافرەتان لە دەوری کۆبووەنەوە ، ئەویش پێیانی ووت : ئەگەر بۆ پیرۆز بایی لێکردن هاتوون ئەوا یاخوا بە خێر بێن ، وە ئەگەر بۆ جگە لەمەش هاتوون ئەوا بگەڕێنەوە .**

**وە دەیفەرموو : سوێند بە خوا حەزم لە مانەوەی دونیا نیە تەنها لە بەر ئەوە نەبێت کە لە پەروەردگارم نزیك ببمەوە بە کرداری چاکە ، بەڵکوو خوا لە بەهەشتدا لە گەڵ مێرد و کوڕەکەمدا کۆم بکاتەوە.**

قال الإمام الذهبـــي في ترجمتها : (معاذة بنت عبد الله : **السيدة العالـمة** أم الصهباء العدوية البصرية العابدة ، زوجة السيد القدوة صلة بن أشيم ، روت عن علي بن أبي طالب وعائشة وهشام بن عامر ، حدث عنها أبو قلابة الجرمي ويزيد الرشك وعاصم الأحول وعمر بن ذر وإسحاق بن سويد وأيوب السختيانـــي وآخرون ، و**حديثها محتج به في الصحاح** ، وثقها يحيى بن معين بلغنا أنها كانت تحيي الليل عبادة وتقول : عجبت لعين تنام وقد علمت طول الرقاد في ظلم القبور، ولما استشهد زوجها صلة وابنها في بعض الحروب اجتمع النساء عندها فقالت مرحباً بكن إن كنتن جئتن للهناء وإن كنتن جئتن لغير ذلك فارجعن ، وكانت تقول : والله ما أحب البقاء إلاَّ لأتقرب إلى ربِّي بالوسائل لعله يجمع بيني وبين أبي الشعثاء وابنه في الجنة ، ... ، فأمَّا زوجها صلة بن أشيم فسَيِّدٌ كبيرٌ لكنه ما روى سوى حديث واحد عن ابن عباس ومات كلاهما قبل ابن عباس)[٥٦].

وقال الـــحافظ ابن حجر : (وهـــي معدودة فـــي **فقهـاء التابعين**)[٥٧].

### * عائیشەی کچی طه لحه و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خەڵک:

**ئیمامی** (البخاري) **ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە کتێبی** «الأدب المفرد» **ژمارە: (١١١٨) دەفەرموێت : (باب الكتابة إلى النساء وجوابهن / بابەتی نووسین بۆ ئافرەتان و وەڵامەکانیان ) ، پاشان فەرموودەکەی عائیشەی کچی طەلحە دەهێنێت لەم بارەوە ، کە تیایدا هاتووە : «خەڵکی لە شارەکانی ترەوە پرسیاری شەرعیان لە نامەدا دەنارد بۆ عائیشەی دایکی ئیمانداران و ئەویش بە عائیشەی کچی طەلحەی دەفەرموو : وەڵامیان بدەرەوە ... »**[٥٨].

**ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە چۆن عائیشە قوتابیەکانی ڕادەهێنا لەسەر فەتوادان و وەڵامدانەوەی پرسیاری خەڵك دوای پێگەیشتن و بەدەست خستنی زانستێکی زۆر لە زانستە پیرۆزەکانی قورئان و سوننە و بە تێگەیشتنی زانایانی سەلەف ، وە لە پێش هەموویانەوە زانایانی صەحابە وەك دایکە عائیشە کە زاناترین ئافرەتی دونیایە .**

---

[٥٦] سير أعلام النبلاء : (٤/ ٥٠٨ – ٥٠٨) ، فائدة : قال الـــحافظ ابن كثير فـــي ((البداية والنهاية)) : (٩ / ١٥ ــــ ١٦) : (صلة بن أشيم العدوي : من كبار التابعين من أهل البصرة وكان ذا فضل وورع وعبادة وزهد ، كنيته أبو الصبهاء).

[٥٧] فتح الباري شرح صحيح البخاري : (١ / ٥٤٦).

[٥٨] سلسلة الأحاديث الصحيحة للألبانـــي : (٣٤٦/١).

# کۆتایی

لە کۆتاییدا داوا لە هەموو ئافرەت و خوشکێکی شوێن کەوتەی قورئان و سوننەت دەکەین کەوا عائیشەی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) بکەن بە سەرمەشق و پێشەوای خۆیان لە هەموو بوارێکدا و بە تایبەت لە بواری زانستی شەرعیدا .

وە هەروەها دەڵێم : ئەم نووسراوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئیسلام چەند گرنگی داوە بە ئافرەتان لە بواری فێربوون و فێرکردنی زانستی شەرعیدا ، ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەهلی سوننە و سەلەفیەکان هاندەر و یارمەتیدەری ئافرەتانن لە ئاستی فێربوون و فێرکردنی ئافرەتان لە زانستە شەرعیەکان ، بەڵام لە سنووری شەرعدا و بە پێی مەرجە شەرعیەکان کە لە جێی خۆیدا باس کراوە .

بۆیە داوا لە ئافرەتان بەگشتی دەکەم کە زۆر بە گەرمی و لێهاتویەوە ڕوو لە زانستی شەرعی بکەن و هەوڵی فێربوون و فێرکردنی بدەن لە ڕێگای :

- خوێندنی دەرسی شەرعی و ...
- گوێ گرتن لە کاسێت و ...
- خوێندنەوەی کتێب و نامیلکەی زانایانی سەلەف و فێرخوازانی زانستی شەرعی ئەهلی سوننە و جەماعە کە (**ڕێگای ڕاست**)[٥٩] بۆ خەڵك ڕوون دەکەنەوە .

وە هەروەها داوا لە باوکان و برایان و بەخێوکاران بەگشتی دەکەم ئەوانەی بەرپرسێتی ئافرەتانیان لە گەردندایە : هەموو ئەو پێویستیانە دابین بکەن بۆ ئافرەتان بۆ ئەوەی ئەوانیش سوودمەند بن بەزانستە شەرعیەکان .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته ...

[٥٩] وە ئامۆژگاری خوێنەری بەڕێز دەکەین کە هەوڵ بدات هەموو ژمارەکانی (**گۆڤاری ڕێگای ڕاست**) و (**زنجیرەی ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست**) و (**زنجیرەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە**) و (**زنجیرەی بیروباوەڕی کۆمەڵی ڕزگاربوو و سەرکەوتوو**) و (**زنجیرەی ئیسلام و لاوان**) و (**زنجیرەی ئافرەت لە سایەی ئیسلامدا**) بە دەست بخات بۆ ئەوەی کتێبخانەکەی بەهرەمەند و دەوڵەمەند بکات بەو گۆڤار و کتێب و نامیلکانەی کە (**ڕێگای ڕاست**)ی بۆ ڕوون دەکەنەوە.

## گرنگترينی سەرچاوەكان


*** كـتـێـبە فەرموودەیيەكان :**

١ ــ صحيح البخاري ، وفتح الباري شرح صحيح البخاري للحافظ ابن حجر الـــعـــسقلانـــي .
٢ ــ صحيح مسلم ، وشرح صحيح مسلم للنووي .
٣ ــ صحيح سنن الترمذي .
٤ ــ صحيح سنن أبـــي داود .
٥ ــ صحيح سنن الـــنسائـــي .
٦ ــ صحيح سنن ابن ماجه .
٧ ــ صحيح الجامع الصغير .
٨ ــ سلسلة الأحاديث الصحيحة .

*** كـتـێـبە ژيان نامەيی يەكان :**

٩ ــ سير أعلام النبلاء للذهـــبـــي .

*** كـتـێـبە تايبە تمەندەكان بە ئافرەتان :**

١٠ ــ دور المرأة في خدمة الحديث في القرون الثلاثة الأولى / آمال قرداش بنت الحسين .
١١ ــ المرأة حقوقها وواجباتـــها في الكتاب والسنة / خيرالدين وانلي .
١٢ ــ شخصية المرأة المسلمة كما يصوغها الإسلام في الكتاب والسنة / د. محمد علي الهاشمي .


=====================


ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەكەن